# دەسەڵاتی خێرۆمەند

# دەسەڵاتی خزمەتگوزار

کەریم کاکە

جیاوازیی نێوان خێرۆمەندو خزمەتگوزار وەک جیاوازیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا وایە، یان دەکرێ لە وردکرنەوەی خێرۆمەندو خزمەتگوزارەوە، جیاییەک لە جیاییەکانی نێوان رۆژئاواو رۆژهەڵات بە تایبەتی هی ناوەراستەکەی ببینینەوە... دیارە (خێرۆمەند) کەسێکە هیچ ئەرکێکی دنیایی بە سەرەوە نیە تا ناچار بە خێرکردنی بکات، بەڵام (خزمەتگوزار) بە واتا تازەکەی یان بەو واتایەی لەم نووسینەدا هاتووە کەسێکە پڕ ئەرک، کەسێکی ناچار بە خزمەت پێشکێشکردن..... جا دەسەڵات کاتێ پێرەوی لە سیاسەتی خێرۆمەندانە دەکات، لە بن لێوەوە بە دانیشتوان دەڵێت: لە سەر ئێوە تەنها دەستپانکردنەوەیە، ئێوە مافتان بە سەر منەوە نیە، ئەوەی کەوتە دەستتانەوە خێرە لە منەوە.... بەڵام پێرەوکردنی سیاسەتی خزمەتگوزاریانە لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەرکە لە ئەستۆی دەسەڵات و دەبێت بۆ دانیشتوان بە جێیبێنێ.

رۆژئاوا لەمێژە خزمەتگوزاریانە ژیان دەکات و بە دانیشتوان و دەسەڵاتەوە عەقلیەتی دەسپانکردنەوەیان تێپەڕاندووە.. وەلێ رۆژهەڵاتی ناڤین بە هێلی خێرۆمەندانە درێژبۆتەوە، لەو عەقلیەتەوە کۆمەڵگا دەخوێنێتەوەو سیاسەت دەکات، سیاسەتێک هەر لە کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییەوە بگرە بە قیرتاوکردنی جادەیەکدا تێپەرە تا دەگەیتە کردنەوەی فڕۆکەخانەیەک لەویشەوە بینینی ئەو پۆلیسانەی گوایە ئێشکگری سەرو ماڵن..هەر هەموو ئەوانە دەکەونە خانەی خێرەوە، خێری دەسەڵات بە دانیشتوان، خێرێک کە بە بۆنەو بێ بۆنە بە چاودا دەدرێتەوە، خەلکیش لە ئاست ئەو خێرو چاکەیەلە سەریانە بەردەوام ستایشی سەرۆک و حزب و شۆڕش بکەن.... سیاسەتی خێرۆمەندانە پتر لەوەوە دێ کە دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئەم ناوچەیە لە رێی کوشتارەوە تەختی فەرمانڕەواییان گرتووە نەک لە رێی دەنگی خەلکەوە، دیارە هەر لە رێی کوشتاریشەوە کش تەختیان پێدەکرێ.

دەسەڵاتی سیاسیی ئێمەش بە تێگەیشتنی من لە خزمەتگوزاریانە دوورو ئاوێزان بە خێرۆمەندانەیە، بە تێکەڵەیەک لە ئاشکراو پەنهانی، خۆی لە سیاسەتی خزمەتگوزاریانە دەدزێتەوەو دەچێتەوە سەر هێلی خێرۆمەندانە.. ئەوەتا لەگەڵ درێژکردنی هەر دەستێکی ئاوەدانکردنەوەو جۆرێک لە خۆشگوزەرانی، زاری منەتکاریی بە سەر خەلکدا دەکاتەوەو هەمووی دەخاتە خانەی خێرو جەژنانەوە، لە بەرانبەریشدا خەلک سەری رێز نەوی دەکات و زاری ستایش دەکاتەوەو دوعای خێرو تەمەندرێژی بۆ دەسەڵات دەخوێنێ...کەنالەکانی راگەیاندن بە روونی و بێ تەمومژ سیاسەتی خێرۆمەندانەی دەسەڵات وعەقلیەتی ستایشکارانەی دانیشتوانیان تێدا رەنگدەداتەوە، دەسەڵات منەتکارو دانیشتوان منەتبار.

دەسەڵاتی سیاسیمان هێشتا وابەستەی عەقلیەتی رۆژهەڵاتی ناڤینە، لەگەڵ گۆڕانەکانیش هێشتا ترسی دەنگی نەگەیشتۆتێ، بە واتایەکی راستتر هێشتا دەنگ لە بەرژەوەندیی ئەو دایە، چونکێ کۆمەڵگا هێشتا لە عەقلیەتی دەستپانکردنەوەدا پاڵی داوەتەوە، بۆیە تەمەندرێژی بۆسیاسەتی خێرۆمەندانەیە.